


# ئەکادیمیای نێودەوڵەتیی تۆپی پێ شوێنێک بۆ پێگەیاندنی یاریزانان

**ئەکادیمیای نێودەوڵەتی بۆ تۆپی پێ لە شارۆچکەی عەنکاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر ماوەیەکی زۆرە لە مەشق و راهێنانەکانیان بەردەوامن، بە ئامانجی پێگەیاندنی چەندین یاریزانی لاو بۆ ئەوەی لە داوڕۆژدا خزمەت بە تۆپی پێ بکەن، یانەکانی کوردستانیش سوود لە یاریزانانی ئەم ئەکادیمیایە وەربگرن، راهێنەری ئاستەکانی تەمەن لەو ئەکادیمیایە (کاپتن رادۆ بلێندەرینکۆ) بەبێ گوێدانە ماندووبوون و سەرما و گەرما خزمەت بە**

عەبدولفەتاح زاگرۆس، تەمەنی نۆ ساڵە و یەکێکە لە یاریزانانی ئەکادیمیای نێودەوڵەتیی تۆپی پێ لە هەولێر، وەك خۆی باسیکرد، لە وڵاتی بەریتانیاوە هاتووەتەوە بۆ کوردستان و لە بارەی ژیانی وەرزشیی خۆیەوە گوتی: «خۆشحاڵم ئێستا لە کوردستان دەژیم، لەم ئەکادیمیایەش فێری وەرزش بووم و ئاستی وەرزشیم زۆر بەرز بۆتەوە، راهێنەرەکەمان لەگەڵمان زۆر ماندووە، ئێمەش هاتووین بۆ ئەوەی بتوانین لە داوڕۆژدا ببینەیاریزانێکی بەتوانا و خاوەن ئاست».

یوسف سەلمان-ی گۆڵپارێز تەمەنی ١١ساڵە و یاریزانی هەمان ئاکادیمیایە و سەبارەت بە ژیانی وەرزشیی خۆی دەڵێت: «من ماوەیەکی زۆرە لێرەم و دەمەوێت زیاتر پەرە بەتوانای خۆم بدەم، چونکە لێرە هەموو جۆرەکانی تۆپی پێمان بە شێوازێکی زانستی پێ دەگوترێت، دەمەوێت ئاستی خۆم زیاتر پەرە پێ بدەم و سوودی زۆریشم لەم ئەکادیمیایە وەرگرتووە، بەهیوای ئەوەم لە داهاتوودا بتوانم ئاستێکی باش پێشکەش بکەم».

(ئەندازیار ئەدوەر یەعقوب، وەك باوکی یەکێك لە یاریزانەکان بەم جۆرە سەرنجی خۆی سەبارەت بە کوڕەکەی خۆی خستەڕوو: «ماوەیەکی زۆرە من کوڕەکەمم هێناوەتەوە ئەم ئەکادیمیایە، بە راستی لە هەموو روویەکەوە سوودێکی زۆری بینیوە، خۆیشم هەمووکات پاڵپشتی ئەو ئەکادیمیایە بووم و زۆر کاتیش بۆ یارییە دۆستانەکانیش دەچم بۆ یاریگاکان، بەهیوای ئەوەم پاڵپشتیی ئەم جۆرە ئەکادیمیایە بکرێت، چونکە سوودی یەکجار زۆرمان لێ بینیوە و بە باشترین شێوە یاریزانان ئامادە دەکات، کاپتن رادۆش ئەوپەڕی توانای خۆی لەگەڵ یاریزانەکان دەخاتەگەڕ، بۆ ئامادەکردنیان بە شێوازی زانستی کە جێگەی دەستخۆشییە».

دەریاز کاوە، یەکێکی دیکەیە لە یاریزانەکانی ئەو ئەکادیمیایە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە سوودی زۆری لە مەشقەکانی بینیوە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «هەفتانە دێمە عەنکاوە و سوودی زۆرم لەم تیپە بینیوە، کاپتن رادۆش بە شێوەیەکی زانستی جووڵە وەرزشییەکانمان فێردەکات، لێرەش لە نێوان یاریزانان و راهێنەری تیپەکەش زیاتر رۆحییەتی وەرزشی دەبینم.»

کاپتن رادۆ بلێندەرینکۆ، بەرپرس و راهێنەری ئەکادیمیاکەیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئەم ئەکادیمیایە ناوی ئەکادیمیای نێودەوڵەتییە بۆ تۆپی پێ، درێژەپێدراوی ئەکادیمای بەڕازیلییە کە لەلایەن راهینەری بەڕازیلی کلاودیۆ مۆزیس دامەزراوە، کە راهێنەرێکی زۆر باشە و تیمێکی زۆر باشیشی هەیە.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە چۆن بڕیاری داوە خزمەتی وەرزشی کوردستان بکات، گوتی: « راهینەری بەڕازیلی کلاودیۆ مۆزیس منی بانگهیشت کرد کە ببم بە یاریدەدەری بۆ ماوەی ساڵێك تا بەرنامەکەی ئەو کوتایی هات، دوای ئەو من دەستم بەم ئەکادیمیایە کرد و ئێستا بەردەوامین، ئامانجی سەرەکیمان لە کردنەوەی ئەم ئەکادیمیایەش ئەوەیە کە هانی منداڵان بدەین بۆ ئەوزەی وەرزش بکەن، چونکە وەرزش بۆ



**منداڵانی ئەو ئەكادیمیایە دەكات. رادۆ بە رۆحییەتێكی وەرزشیی بەرزەوە یاریزانانی ئەو ئەكادیمیایە لەسەر شێوازی نێودەوڵەتی ئامادە دەكات، جەختیش لەوە دەكاتەوە كە هەموو رەنگ و ئایینە جیاوازەكان لەژێر ناوی یەك پەیام كۆكراونەتەوە، كە ئەویش وەرزشە، گۆڤاری گوڵان راپۆرتێكی لە بارەی ئەم ئەكادیمیایە ئامادە كردووە.**

**راپۆرتی: كارزان كانەبی**
**فۆتۆ: كاروان كاوە**

تەندروستی و باری دەروونیی مرۆڤ زۆر گرنگە، بەتایبەتی تۆپی پێ كە منداڵ فێردەكرێت چۆن بەیەكەوە یاری بكەن و یارمەتیی یەكتر بدەن و پەیوەندیی خۆشەویستییان لەگەڵ یەكتر هەبێت و برادەرایەتیان بەهێز بێت، هەروەها بە شێوەیەكی پرۆفیشناڵانە و سەردەمییانە بە گوێرەی ستاندەری نێودەوڵەتی یاری بكەن.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش كە چەند ئاستیان بۆ یاریزانان هەیە؟ گوتی: «ئێمە بە گشتی بۆ سێ ئاست بە گوێرەی تەمەن ٤٥ یاریزانمان هەیە، ئەوانیش لە ٨ تا ١٠ساڵی و لە ١٠ تا ١٢ ساڵی و لە ١٣ بۆ ١٥ ساڵی، لە نێوان ئەم قوتابییانەشدا یاریزانی زۆرباشمان هەیە، كە بە ئاستێكی زۆر بەرز یاری دەكەن، بێگومان بنەمای دامەزراندنی یانەیەكی وەها گەورە لەسەر بوونی قوتابی بەندە، هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ منداڵ زۆر زەحمەتە و بۆ كاتی ئێستا ئەم كارە ئاسان نییە و نازانم بۆ داهاتوو چۆن دەبێت، بەڵام ئەوە دەزانم كە ئێمە بۆ داهاتوو هێواش هێواش پلانی گەورەترمان هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەكادیمیاكەمان، هەروەها بەنیازین راهێنەر و یاریزانی باش دروست بكەین، تا بتوانن لە یانە ناوخۆكان یاری بكەن، هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە كە یاریزانانی كوردستان بۆ دەرەوە ببەین، بۆ ئەوەی لە یانە جیهانییەكان یاری بكەن».

لەو «ئەكادیمیای تۆپی پێ»یەدا هەمەجۆری و فرەیی نەتەوە و ئایینی بەدی دەكرێت، كە تێكەڵییەكی جوانی دروست كردووە، كاپتن رادۆ لەو بارەیەوە دەڵێت: «پێموایە ئەمە باشترین نموونەی پێكەوەژیانە كە ئێمە رەچاوی دەكەین، چونكە یاریزانی عەرەب و كورد و ئاشوری و موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدیمان هەیە، كە هەموویان پێكەوە بە بێ جیاوازی یاری دەكەن، تۆپی پێ لە بنەڕەتدا یارییەكی جیهانییە و كاری ئێمەش ئەوەیە كە فێریان بكەین، یەكگرتوو بن و وەك یەك خێزان هەڵسوكەوت بكەن، ئێمە دەزانین كە هەموو كەس لە لای خودا گرنگە، بۆیە وەك یەك گرنگی بە هەموو كەس دەدەین، ئەمەش وانەیەكی زۆر گرنگی پێكەوەژیانە».

لێمان پرسی: ئایا بەرنامەتان هەیە پرۆژەكەتان گەورەتر بكەن و كچانیش بگرێتەوە، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش كاپتن رادۆ گوتی: «بێگومان بەرنامەی وامان لەپێشە، بەڵام كێشەی راهێنەرمان هەیە، من تەنیا یەك یاریدەدەرم هەیە و هیوادارم چەند راهێنەرێك دروست بكەم كە هەمان بیرۆكەی منیان هەبێت و پرۆفیشناڵ بن و بزانن چۆن لەگەل كچ هەڵسوكەوت بكەن.»

سەبارەت بە یاریكردنی یاریزانەكانیش لە دەرەوەی وڵات گوتی: «ئەمە خەونی منە و پێویستم بە یارمەتیی دایك و باوكانی منداڵەكان هەیە، چونكە بەتەنیا هیچ ناكرێت، بەڵام پلانمان هەیە كە تیمێكی وا ئامادە بكەین كە لە دەرەوەی كوردستان یاری بكەن، هەرچەندە ئێستا هەموو رۆژانی شەممە یاریمان هەیە لەگەڵ قوتابخانە هاوشێوەكانمان و یانەكانی ناو هەولێر و دەوروبەری، بەڵام پلانی زیاتریشمان هەیە.»




# سۆران دەیەوێت دڵی هاندەرانی رازی بکات

تیپی تۆپی پێی یانەی سۆران دوای سەرکەوتنی بۆ یارییەکانی قۆناخی سەرکەوتن بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئێستا یانەکە هیوای نوێ بۆتەوە بۆ ئەوەی بە هەر جۆرێك بێت، یانەکە ببەنە خولی نایابی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش بەرپرسانی لە شارەکە هاوکاری دارایی یانەکەیان کردووە، پەرلەمانتارێکی پارتیش تێچووی هێنانی دوو یاریزانی پیشەگەری لە ئەستۆ گرتووە، لەم بارەیەشەوە (فەرمان ئیسماعیل) بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی یانەی سۆران، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا هیوای ئێمە و هاندەرانی دەڤەری سۆران گەیشتنی یانەکەمانە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بۆ بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەمان و بۆ ئەو چەند یارییەی ماوە، گرێبەستمان بە فەرمی لەگەڵ دوو یاریزانی پیشەگەری میسری مۆرکردووە کە پێشتر لە چەندین یانەی وڵاتی میسر یارییان کردووە، هەریەك لە یاریزانان (قاسم موحسین، حەمادە عەبدول موتیعی) لە هێڵەکانی هێرشبەر و ناوەڕاست یاری دەکەن، یاریزانی بەتوانان و بڕی گرێبەستەکانیان دەگاتە سێ هەزار دۆلار، کە بە سوپاسەوە نەهرۆ خاڵە رەش ئەندامی پەرلەمانی عێراقی لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان پارەکەی دابین کردووە، سوپاسی بەرپرسانی لقی نۆی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین بۆ هاوکاریکردنی تیپی سۆران لەم قۆناخە، سوپاسی هەموو ئەو بەرپرسە حزبییانە دەکەین کە هاوکاری یانەکەمان بوون لە دەڤەری سۆران، ئێمەش هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ سەرخستنی تیپەکە بۆ چوارگۆشەی زێڕین.»

# فاتیح حەمە خان برایەتی هەڵدەستێنێتەوە



تیپی تۆپی پێی یانەی برایەتی ئەمساڵ لەگەڵ ئەوەی بە پێکهاتەیەکی تۆکمە بەشداری کێبڕکێیەکانی خولی نایابی کوردستانی کرد، بەڵام ئەنجامەکانی ١٦ گەڕی رابردوو وەکو پێویست نەبووە، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی دوو جار راهێنەرانی تیپەکە دەستیان لە کارکێشاوەتەوە، دواجاریش کارگێڕیی یانەکە پەنای بۆ فاتیح حەمەخانی راهێنەری تیپی خولی عێراق برد، بۆ ئەوەی لە خولی نایابی کوردستان ببێتە فریادەرسی یانەکە و تیپەکەش رێکبخاتەوە بۆ یارییەکانی داهاتوو، لەم بارەیەشەوە راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی برایەتی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەرچەندە ئێستا من لە کاتێکی هەستیاردا تیپەکەم لە ئەستۆ گرتووە بۆ ئەوەی بتوانم تیپەکە لەم بارودۆخە رزگار بکەم، بەڵام ئەوەی لە توانامدا بێت وەکو راهێنەر ئەنجامی دەدەم، بۆ ئەوەی یانەی برایەتی ببەینە قۆناخێکی باشتر لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، متمانەم بە خۆم و یاریزانان هەیە کە بتوانین لەم بارودۆخە رزگار بین و ئاستی تیپەکەش زیاتر بەرەوپێش ببەین.» گوتیشی: «هەرچەندە ئێمە لە یانەکەدا خاوەنی کۆمەڵێك یاریزانی بەتواناین، بەڵام چەند یاریزانێکمان دوچاری پێکان هاتوون، بۆیە دەتوانین بە یاریزانانی دیکە ببینە تیپێکی باش و کێبڕکێ بکەین، ئەوەی لەتوانامان بێت بۆ یانەی برایەتی لە یارییەکانی داهاتوو درێخی ناکەین و هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەیە یانەی برایەتی هەڵستێنینەوە و بیگەرێنەوە دۆخێکی باشتر، هێشتا خولی کوردستان ماوە و بە پشتیوانی هەموو لایەك ئەوەی لە تواناماندابێت، ئەنجامی دەدەین بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێکی باش.»

# پاسکیلسوارێکی کورد بەشداری پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی دەکات

شاری هەولێر لە مێژووی وەرزشیی خۆیدا گرنگییەکی زۆری بە یاری پاسکیلسواری داوە و چەندین یاریزانی بەتواناش لەم شارەدا دروست بوون، کە بوونەتە جێگای متمانەی یانەکانی دیکە و توانای بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورەیان لەم یارییەشدا هەیە، یەکێك لەم یاریزانانەش (خەسرۆ عەبدولحەمید)ـە کە یاریزانی پێشووی شاری هەولێر بووە و ئێستاش یاری بۆ یانەی کرۆتۆنی ئیتاڵی دەکات، ئەم یاریزانە لەماوەی رابردوودا لەگەڵ ئەو یانە ئیتاڵییە چەندین نازناوی خولەکانی ئەورووپای بەدەستهێناوە، پێشتریش لە هەرێمی کوردستان لە بەدەستهێنانی چەندین ئەنجامی شایستە بۆ شاری هەولێر رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، بڕیاریشە لە مانگی شەشی ئەمساڵ لە وڵاتی ئیتاڵیا بەشداریی لە پاڵەوانێتییەکی جیهانیدا بکات، لەم بارەیەشەوە خەسرۆ عەبدول حەمید بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو یاریزانێکی کورد ماوەیەکە نیشتەجێی وڵاتی ئیتاڵیام و لەو وڵاتە و لە ئەورووپاش بەشداریی چەندین خول و پاڵەوانێتیم کردووە و چەندین ئەنجامی بەرچاوم بەدەستهێناوە، ئێستاش خەریکی خۆئامادەکردنم بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی لە وڵاتی ئیتالیا، کە لە مانگی شەشی ئەمساڵ بەڕێوە دەچێت، ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهانیش لەم پاڵەوانێتییەدا بەشداری دەکەن و منیش وەکو یاریزانێکی کورد بە ناوی کوردستانەوە بەشداری دەکەم، هەموو هەوڵێکیشم بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان.»



# ڕۆناڵدۆ داوای هاتنی ئەستێرەیەک بۆ یانەی یۆڤانتۆس دەکات

بە گوێرەی میدیاکانی ئیتاڵیا، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ داوای لە بەرپرسانی یانەی یۆڤانتوس کردووە هاوینی داهاتوو مەحەمەد سەلاح بگوازنەوە، لەم چوارچێوەیەدا یانەی یوڤانتۆس ڕوونکردنەوەیەك بڵاو دەکاتەوە.
ماڵپەری توتو سپۆرتی ئیتاڵیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە کریستیانۆ دەیەوێت



# دۆرتمۆند نرخی ئەستێرەیەکی بەرزکردەوە



یانەی بروسیا دۆرتموند نایەوێت دەستبەرداری جادۆن سانشۆی یاریزانی یانەکەی ببێت و هەر ڕۆژەو نرخیک بۆ دەستبەرداربوونی دادەنێت.
چەند ڕۆژێک پێش ئێستا دەستەی کارگێڕی یانەی بروسیا دۆرتموند رایگەیاند بە بڕی ٧٠ ملیۆن پاوەند دەستبەرداری سانشۆ دەبن، کە یانەی مانچێستەر یونایتد لە گفتوگۆدابوو بۆ گواستنەوەی ئەم یاریزانە.
ڕۆژنامەی میرۆری بەریتانی بڵاویکردووە، کارگێڕی دۆرتمۆند ئێستا دەڵێن بە زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن پاوەند دەستبەرداری یاریزانەکەمان دەبین.
جادۆن لە ساڵی٢٠١٧ بە ٨ ملیۆن پاوەند هاتە دۆرتموند، ئەگەر یانەی ئێستاش بەجێهێڵێت ئەوا یانەی مانچستەر سیتی ڕێژەی ٪١٥ی گرێبەستەکە دەبات.
سانشۆ لەم وەرزەدا بەشداری لە ٣٠ یاریدا کردووە و ٨ گۆڵی تۆمارکردووە و ١٣ گۆڵیشی درووستکردووە.

بۆ وەرزی داهاتوو هاوشانی مەحەمەد سەڵاحی هێرشبەری میسری یاری بکات.
بە گوێرەی سەرچاوەکە، کریستیانۆ دەیەوێت پێش ئەوەی واز لە یاریکردن بێنێت لەگەڵ مەحەمەد سەڵاح دووانەیەکی تۆقێنەر لە یوڤانتۆس دروست بکەن بۆ ئەوەی دەست بەسەر نازناوەکاندا بگرن.
ئەم هەواڵە بەرپرسانی یانەی یوڤانتۆس ناچار کرد کە بە خێرایی روونکردنەوە بڵاو بکەنەوە و جەختیان لەوە کردۆتەوە کە ئەم هەواڵە ناڕاستە، ئەوان گرێبەستیان لەگەڵ ئارۆن رامسی کردووە و لە ئێستادا بە نیازی گواستنەوەی هیچ یاریزانێکی دیکە نین.
ماڵپەری میرۆری بەریتانیا دەقی وەڵامەکەی یانەی یوڤانتۆسی لە بارەی دەنگۆی گواستنەوەی مەحەمەد سەڵاح بڵاو کردۆتەوە و هێما بۆ ئەوەش کراوە کە بە نیازی گواستنەوەی هێرشبەرە میسرییەکە نین و ناشزانن لە هاوینی داهاتوودا چی روودەدات.



# کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی سالا هەرایەکی گەورەی بە دوای خۆی هێنا

ئامۆزایەکی ئیمليانۆ سالای کۆچکردووە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سالا کوژراوە، یانەی کاردێف سیتییش لە رێگەی فیفا سکاڵا لەسەر یانەی نانت تۆمار دەکات.
دوای ئەوەی ئیمليانۆ سالا بە مردوویی لە نێو فڕۆکە تێکشکاوەکە دۆزرایەوە و تەرمەکەی بۆ وڵاتی ئەرژنتین گواسترایەوە، بەوپێیەی سالا لە شاری کۆلولوی ئەرژەنتین لە دایکبووە، بەڵام لە وڵاتی فەرەنسا پەرەی بە ژیانی وەرزشی داوە.
مارتن گاتی ئامۆزای سالا لە لێدوانێکدا کە لە ماڵپەری دەیلی میرەری بەریتانیا بڵاوکرایەوە جەختی لەوە کردۆتەوە کە هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن (سالا کوژراوە).
ئامۆزایەکەی سالا دەشڵێت: سالا لە کاتێکدا ئەستێرەیەکی گەورە بوو، دەبووە گرانبەهاترین یاریزان لە مێژووی یانەی کاردیف سیتی، کەچی بە فڕۆکەیەکی بچووك و کوالیتی خراپ بۆ بەریتانیا دەگوازرێتەوە.
ئەو ئامۆزایەی سالا گوتیشی: گومانێکی زۆر لەسەر فڕۆکە و فڕۆکەوانەکە هەیە، ئێستا کاتی ئەوەیە لە سفرەوە دەست بە لێکۆڵینەوە لە مەرگی سالا بکرێت.
لە لایەکی دیکەیشەوە، یانەی کاردیف سیتی لە بەیاننامەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بە فەرمی سکاڵا لەسەر یانەی نانت تۆمار دەکەن، ئەگەر بێت و فڕۆکەوانەکە مۆڵەتی فڕۆکەوانی نەبووبێت ئەوا ئامادە نین ئەو ١٥ ملیۆن یۆرۆیە بدەنە ئەو یانە فەرەنساییە کە لەسەر گواستنەوەی سالا لەسەری رێککەوتبوون.
بە گوێرەی سەرچاوەکان، فیفا بڕیاریداوە لیژنەیەك ڕابسپێرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە مەرگی سالا و چۆنێتی رووداوی فڕۆکە تێکشکاوەکە.
ئیمليانۆ سالای تەمەن ٢٨ ساڵ، بۆ مۆرکردنی گرێبەستێك لەگەڵ یانەی کاردیف سیتی لە ٢١ی مانگی کانوونی یەکەم لە فەرەنساوە بەرەو بەریتانیا بەڕێکەوت، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە وێڵز فڕۆکەکەی کەوتەخوارەوە و تەرمەکەی لە نێو دوورگەی (گێرنسی) دۆزرایەوە.

